www.kurdistannet.org
20-5-2003 14:07

Revolutionareis Union of Kurdistan

Central Committee

یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان

كۆمیتەی ناوەندی

# بەیاننامەی كۆمیتەی ناوەندیی RUK بە بۆنەی
# ١٢ هەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان

كۆمەڵانی بەشەرەفی خەڵكی كوردستان!

بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!

پێشمەرگە قارەمانەكان، ئەندامان، تێكۆشەران، لایەنگران و دۆستانی یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان!

٣٠ گوڵانی ئەمساڵ، ٢٠ی مایسی ٢٠٠٣، ١٢ ساڵ لە تەمەنی خەباتگێڕانە، پڕسەروەری و فیداكارانەی یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان RUK، تێدەپەڕێ. كۆمیتەی ناوەندیی RUK خۆی بە بەختەوەر دەزانێ كە بەم بۆنەیەوە، گەرمترین پیرۆزباییەكانی خۆی پێشكەشی هەموو ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی و سەربەخۆیی كورد و كوردستان بەگشتی و خەباتگێڕانی ریزەكانی RUK بەتایبەتی و هەزاران سڵاوی ئەمەگ و وەفاش پێشكەشی شەهیدی دامەزرێنەر كاك سەعید یەزدانپەنا و سەرجەم شەهیدانی كاروانی ١٢ ساڵەی خەباتی RUK و بنەماڵە سەربەرزەكانیان بكا.

١٢ساڵ لەمەوبەر خەباتگێڕی ناسراوی بزوتنەوەی رزگاریخوازی كوردستان و جوڵانەوەی ئازادیخوازیی ئێران، كاك سەعید یەزدانپەنا لە سەركردایەتی كۆمەڵێك لە تێكۆشەرانی گەلەكەماندا پاش چەن مانگ كاردروستایی، لە ٣٠ گوڵانی ٢٦٩١ی كوردیدا، دامەزرانی یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستانیان ڕاگەیاند.

دامەزرانی RUK هەرچەن لە تویكولڎا بڕیاری ژمارەیەكی دیار لە رۆڵە خەباتگێڕەكانی كورد بوو، بەڵام لە كاكڵدا دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی و نیشانەیەك لە گۆڕانی سەردەمی سیاسی و بۆ ئەسڵ و بنەوان گەڕانەوەی مرۆڤی كورد بوو. گۆڕانێك كە بە كۆتایی هاتنی جیهانی دوو جەمسەری دەسپێكرد و گەڕانەوەیەك كە مرۆڤی كورد لە ئیدئۆلۆژی و چەمكە بیگانەكان هەڵدەگەڕێتەوە و بەرەو ناخی كۆمەڵگەی خۆی و دەرد و ئازارە راستەقینەكانی شۆڕ دەبێتەوە.

دامەزرانی RUK هەنگاو و دیاردەیەكی سروشتی و گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی سیاسیی بوو. نە "انشعاب" لە حیزب و ڕێكخراوێكی سیاسیی دیكە بوو و نە بەرهەم و ئاكامی كێشە و ئاڵۆزی و كەلێنە سیاسیەكانی نێوان ئەملا و ئەولا بوو. RUK هێزێكی نوێ، سەربەخۆ و رەسەنی سیاسی بوو كە بۆشاییەكی لە گۆڕەپانی سیاسیی كوردستانی ڕۆژهەڵات پڕ كردەوە، بەبێ ئەوەی نیاز و مەبەستی جێگرتنەوە یان ركەبەرایەتی لەگەڵ هیچ هێزێكی سیاسیی دیكە بێ. بە لە دایكبوونی RUK ڕێگە و ڕێباز و ئەدەبیاتێكی سیاسیی تازە و روون و خاوەن سنوری دیار هاتەئاراوە. RUK هەڵقولاوی ناخ و هەناوی كوردەواری بوو. كوردستانێكی سەربەخۆ و یەكسان و دیموكراتیكی بە ئامانجی ستراتیژی و جێگیر بوونی پێوەندییەكی فیدراڵی لە نێوان كورد و ناوەند دا بە ڕێگە چارەیەكی گونجاو لە قۆناغی ئێستادا دانا. بۆ یەكەمجاریش RUK بوو كە زەروورەتی لێكنزیك بوونەوەی هێز و لایەنە كوردستانییەكان و پێكهێنانی بەرەی كوردستانی و ڕێكخستنی هێزی پێشمەرگەی كوردستان لەبەر یەك فەرماندەیی هاوبەشدا و یەكخستنی چالاكییە دیپلۆماسیەكانی كورد و پێكهێنانی دەزگا و ناوەندێك بۆ ئەوەی هێز و لایەنە كوردییەكان لە پێوەندییە دەرەكییەكاندا بەناوی كوردەوە و بۆ كورد تێبكۆشن، هێنایەنێو ئەدەبیاتی سیاسیی كوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە كە تا ئەو دەم هیچكام لەو چەمك و تێڕوانینانە لە بزوتنەوەی رزگاریخوازیی كوردستانی ڕۆژهەلاتدا باو نەبوون. ئێستاش كە باس لە هاوكاری و لێكنزیك بوونەوەی حیزب و ڕێكخراوە سیاسیەكانی كورد بووەتە باسێكی گەرم و كۆمەڵانی خەڵكی كوردستانی پێ هیوادار كراوە و هێندێك لەو بۆچوون و هەڵوێستانە خەریكن بەرەبەرە لە بزوتنەوەی سیاسیدا جێی خۆیان دەكەنەوە و

لە لایان حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی دیکەشەوە قەبوڵ دەکرێن؛ خەباتگێرانی RUK هەقیانە بەخۆیان و ڕێگە و ڕێبازەکەیانەوە بنازن و شانازیی پێوە بکەن کە سیاسەت و ڕێبازەکەیان لەسەر بناغەی واقعیەتەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری داڕشتووە و پێویستیەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمانیان بەچاکی دەسنیشان کردوە.

سالآنی لەدایکبوون و وەسەرپێ کەتنی RUK، سالآنێکی ئاسایی و لەبار نەبوون. ئەو سالآنە پڕ بوون لە هەوراز و نشێو و کەند و کۆسپ. بەهۆی داگیرکراویی شار و گوندەکانی ولآت لە لایان هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، ئێستاشی لەگەڵدا بێ قەت ئەو دەرفەتە بۆ RUK هەڵنەکەوت کە وەك حیزب و لایەنەکانی دیکەی کوردستان، لانی کەم بۆ ماوەیەك بە ئازادیی چالاکیی سیاسی بەڕێوە بەرێ و ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمەلآنی هەراوی خەڵکی کوردستان کە سەرچاوەی ئەسڵی هێز و تواناکانن، هەڵسوکەوتی هەبێ. پێوەندیی ڕاستەوخۆی RUK و کۆمەلآنی خەڵکی ولآتەکەمان تەنیا لەڕێی دەستە پارتیزانەکانی هێزی پێشمەرگەوە دەسپێکرد و دوایە تێکۆشەرانی ڕێکخستنە نهێنیەکانیشی پێ زیاد بوو کە دیارە ئەوانیش ناچار بوون لە چوارچێوەی بنەماکانی خەباتی نهێنیدا کاربکەن. چالاکیی دەستە پارتیزانەکانیش کە تا ئێستا کەم تا زۆر درێژەی هەیە، زۆری نەخایاند کە لەگەڵ گیروگرفتی گەورە ڕووبەڕوو بووەوە. دەربەستیی بەرامبەر ئەزموونی کوردستانی باشور و بەتەنگەوە بوونی بەرژەوەندییەکانی کارێکی وای کرد کە تێکۆشان و چالاکیی RUK دژوارتر بێ و بەجۆرێ ڕێکبخرێ کە زیان بەو ئەزموونە نەگەیەنێ. لە لایەکی دیکەوە بەربەرەکانی لەگەڵ تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی باشور و پووچەڵکردنەوەی نەخشە و پیلانە تێرۆریستییە یەك لەدوای یەکەکانی وەزارەتی ئیتلاعات، بەشێکی زۆر لە تاقەت و توانا و ئیمکاناتی RUK بەخۆوە گرت. تەحەممول و ساڕێژکردنەوەی برینەکانیش هێز و وزەیەکی بەرچاویان تێچوو.

RUK لە ماوەی تەمەنی کەمیدا، گەلێك جار برینی قورس و کاریی هەڵگرتووە. هێشتا نەو نەمامێکی شلك و ساوا بوو کە کەوتە بەر پەلاماری تێرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیم و لە کاتێکا هێشتا چوار مانگ لە دامەزرانی تێنەپەڕیبوو، ڕێبەرە هەڵکەوتووەکەی تێرۆر کرا و بەوجۆرە زەبرێکی گەورە لە RUK کەوت. بێجگە لەو دەیان فەرماندە و کادر و پێشمەرگەیەی لە مەیدانەکانی تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامیدا سەریان لە پێناو بەرگری لە شەرەف و خاك و گەلی کوردستان دانا، پۆلێك لە باشترین و بەوەجترین کادر و پێشمەرگەکانیشی بەدەستی برای کوردی خۆیان، لەبەر پێی داگیرکەراندا بە ناهەق و ناڕەوا قوربانیی کران. زیندان و ئەشکەنجەگاکانی کۆماری ئیسلامی گۆڕەپانێکی دیکەی خۆڕاگری و کۆڵنەدانی خەباتگێرانی RUK بوو. ئەو تێکۆشەرانەی زۆربەی نزیك بەتەواویان بەر قینی ڕەشی دوژمنانی ئازادی کەوتن، بەلآم لە حاست جەلادەکاندا بەچۆکدا نەهاتن و بە دەم سرودی "ئەی ڕەقیب" و "ڕێی خەبات" و دروشمی بژی کوردستانەوە بەرەو مەیدانەکانی ئێعدام و پەت و سێدارە ڕۆیشتن.

بەلآم سەرەڕای ئەو هەلومەرجە نالەبارانە و ئەو بارودۆخە دژوارانە و بە هەموو تەنگ و چەڵەمە و ئاستەنگییەکانەوە، یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان لە ١٢ ساڵی ڕابردوودا توانی بەش بەحاڵی خۆی لە چاو تەمەن و ئیمکاناتی، خەباتێکی لێبڕاوانە، قارەمانانە و پاك و خاوێن دژ بە کۆماری ئیسلامی بەڕێوە بەرێ و گەلێك سەروەری و حەماسەی گەورەتر لە ئاست و قەوارەی خۆی بخولقێنێ. مەڵبەندەکانی پیرانشار و شنۆ و نەغەدە و مهاباد و بانە و ڕەبەت و سەردەشت شایەتن کە چۆن ٢ ساڵی ڕەبەق تەنیا دەستە پارتیزانەکانی RUK بوون لە قووڵایی خاکی ولآتە داگیرکراوەکەیاندا زەبریان لە دوژمنانی کوردستان و کورد دەدا، ئارەقەیان لێدەتکا و خوێنیان لەبەر دەڕژا.

بۆیە کاتێ کە تێکۆشانی شێلگیرانە و بێپسانەوەی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان لەتەك پاراستنی پرستیژ و سەربەخۆیی سیاسیی، لە قووڵایی هەرێمێکی ئاڵۆز و پڕ کێشە و جێ ململانێ و بەرتەماحی هێزە ناوچەییەکان و ئەو متمانە و پشتگیرییەی لەلایان کەرتە جۆراوجۆرەکانی گەلەکەمانەوە لێیدەکرێ و ئەو پێوەندییە توندوتۆڵەی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان هەیەتی، لەگەڵ ئەو هەلومەرجە دژوار و نالەبارانەدا لەبەریەك رادەگرین؛ دەردەکەوێ کە کاروانی ئالآهەڵگرانی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان چلۆن بەردەوام ڕووی لە هەڵدان و گەشەی بێگەڕانەوە بووە و چ ئیرادە و ڕەسەنایەتییەکی بەهێز و مێژوویی لەپشت ئەو هەنگاوەوەیە کە ١٢ ساڵ

لەمەوبەر هەڵگیرایەوە و ئەمڕۆ بووەتە قەوارەیەکی سیاسی و ڕێکخراوەیی کە سەنگ و قورسایی خۆی هەیە لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا.

ڕۆڵە بەشەرەفەکانی نەتەوەی کورد!

تێکۆشەرانی ریزەکانی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان!

١٣ هەمین ساڵی تێکۆشانی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان RUK لە کاتێکا دەسپێدەکا کە بە ڕووخانی یەکێ لە ڕێژیمە هەرە دیکتاتۆر و دوژمن بە کوردەکانی ناوچەکە – ڕێژیمی بەعسی عێراق – گۆڕانکارییەکی قوول لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەسپێکردوە. ئەم ڕوداوە گرینگە لەسەر هەموو گەلان و دەوڵەتانی ناوچەکە شوێن دادەنێ. جێی شانازییە کە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لەکوردستانی باشور دەورێکی بنەڕەتییان لەو گۆڕانکارییە و لە ڕێکخستنەوەی شکڵ و ناوەڕۆکی تازەی عێراق دیتووە و دەبینن. بەڵام ئەمڕۆ هەموو ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان چاوەڕوانن بزانن ئایا هاوپەیمانان کە خۆیان لە هەمووان چاکتر دەوری کوردانیان لەو گۆڕانکارییەدا دیت و بە چاکییش لە پێگەی کورد لە ناوچەکەدا دەگەن، چەندە بەڵێنەکانیان سەبارەت بە دێمۆکراسی و مافەکانی مرۆڤ و پشتگیری کردن لە داخوازە ڕەواکانی خەڵکی کوردستانی باشور کە لە فیدرالیزمی نەتەوەییدا فۆرموولە کراون بەجێ دێنن و سەرکردایەتی سیاسی کوردیش چۆن لە جێگە و پێگەی بەهێزی خۆی بۆ دابین و دەستەبەر کردنی مافەکانی کوردان لە پێکهاتەی تازەی دەوڵەتی عێراقدا کەڵك وەردەگرێ. یان چۆن یەککگرتووانە بەرپەرچی ئەو تەقەلا شۆڤینیستیانە دەدەنەوە کە حەولدەدەن مافیڕەوای کوردان بە بەرتەسك کردنەوەیلە چوارچێوەی "مافی شارۆمەندی"دا پشت گوێ بخرێ؟ بێگومان هەر بەو ڕادەیە کە ریزەکانی گەلی کورد یەککگرتووبێ و سەرکردایەتیی سیاسی تەبا و یەك هەڵوێست و یەك گوتار بێ، بەو ڕادەیە دەتوانێ لە لایەنە لەبارەکانی ئەو گۆڕانکارییە بە قازانجی ئەمڕۆ و پاشە ڕۆژی کورد کەڵك وەرگرێ. ئێمە داوا لە برا کوردەکانمان و سەرکردایەتی سیاسی کوردستانی باشور دەکەین لەم بارودۆخە هەستیارەدا بەهیچ شێوەیەك ڕێگە و دەرفەت بە سەرهەڵدانی ناکۆکی نەدەن و یەککگرتووانە بۆ ئەستاندنی هەر ڕادەی مومکینی مافەکانی گەلی کورد تێبکۆشن.

ڕووخانی ڕێژیمی عێراق و دامەزرانی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و نزیك سنوورەکانی ئێران و ئەو حکومەتەی لە عێراقدا پێکدەهێنرێ، شوێنەواری گرینگ و کاریگەر لەسەر وڵاتی ئێران، بە حکومەت و گەلانیەوە دادەنێ. سەرانی ڕێژیمی تێرۆریست و ترۆریست پەروەری ئاخوندی کە زەندەقیان لەو گۆڕانکارییانە چووە، تێدەکۆشن لە لایەك لەنێوخۆی ئێراندا پەرە بە زەبر و زەنگ و گوشاری جۆراوجۆر بۆ سەر ئازادیخوازان بدەن و لە لایەکی دیکەوە بە کردنەوەی دەرگای سەودا و وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا بەر بە شوێنەوارەکانی ئەو گۆڕانکارییە بگرن. بەڵام مەسەلەکە زۆر لەوە گەورەتر و قووڵترە کە ئاخوندە فەرمانڕەواکان بتوانن بە هێندێك پاشەکشە و دەسهەڵگرتن لە برێ کاروپرۆژە، ڕێژیمەکەیان ڕزگار بکەن. گەلانی ئێران کە نزیکەی چارەگە سەدەیەکە لە ژێر حوکمی ژمارەیەك ئاخوندی کەللە ویشکدا لە هەموو ماف و ئازادییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێبەری کراون، ڕمانی ڕێژیمی دیکتاتۆری و ئازادبوونی گەلانی عێراق، لە خەبات بۆ ئازادییان سوورتر دەکا و جارێکی دی مەرگ و نەمانی دیکتاتۆری و ملهوڕی بە کاری کەردەنی دادەنێن. تا ئەو جێیەش بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەگەڕێتەوە، هەم ڕووخانی ڕێژیمی دیکتاتۆری بەعس ئەوان بۆ تێکۆشانی ڕزگاریخوازانە شێلگیرتر دەکا و هەم ئازادیی هەموو خاك و گەلی کوردی باشور و ئەو مافانەی لە عێراقی داهاتوودا دانی پێدا دەنرێن. بەڵام مەرجی کەڵك وەرگرتن لە بارودۆخی لەباری دەرەکی و لە هەر دەرفەتێك کە لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا بێتە پێشێ ئەوەیە کە هەلومەرجی نێوخۆیی کوردستان ئامادە و لەبار بکرێ، ئەوەش بەشی هەرە زۆری بۆ ڕادەی وشیاری و ژیری و ئامادەیی هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان دەگەڕێتەوە. بارودۆخی عێراق و کوردستانی باشور و ڕووداوەکانیان لە ماوەی ١٢ ساڵی رابردوودا دەبێ وەك ئەزمونێك دەرس و پەندیان لێوەرگیرێ. باجی لەکیسدانی هەر دەرفەتێك و لەبار بردنی هەر هەلێك لە لایان هێز و لایەنە سیاسیەکانەوە سەرەنجام لە حیسابی مافەکانی میللەتی کورد دەدرێ. بۆیە هەر جۆرە کەمتەرخەمی و بێ موبالاتیەك و

بەهەدەر دانی هەر ئەندازە لەو هەل و دەرفەتانەی پێشبینی دەکرێ هەڵکەون، لە لایان هەر هێز و لایەنێکەوە بێ، لە حیساباتی مێژوودا بەگرانی لەسەر دەشکێتەوە.

بەسەرنجدان بەو ئاڵوگۆڕانە و شوێندانانیان لەسەر هەلومەرجی سیاسیی ئێران و بەلەبەر چاوگرتنی ئەو راستییە کە پرۆژەی ئیسلاح خوازانی دەوڵەتیی کە لە ناوەڕۆکدا ستراتیژیی جوانکاریی و رازاندنەوەی رێژیمی فەرمانڕەوا بوو، شکستی خواردوە و ئامانج و بەرژەوەندییەکانی گەلانی ئێران لە تەك بەرژەوەندی و قازانجی سەرانی رێژیم لە ئاشتی نەهاتوون؛ ئێران لە بەرەبەری گۆڕانی سیاسی گەورەدایە و زۆری نەماوە کە رێژیمی ئاخوندییش بە دەردەکەی رێژیمی بەعسی عێراق بچێ.

لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا، ئەوەی بۆ رۆڵەکانی گەلی کورد لە پێش هەر شتێکی دیکەوەیە و دەبێ بە پێوەر بگیرێ، ئەوەیە کە ئاخۆ گەلی کورد لە کوردستانی رۆژهەلات لە ئاکامی ئەو هەلومەرجەدا و لە حاڵەتی روودانی هەر گۆڕانکارییەکی سیاسیدا، تا چەن بە مافە رەواکانی شاد دەبێ و چۆن دەتوانێ ئامانجە مێژووییەکانی وەدیبێنێ.

بۆیە یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، داوا لە هەموو حیزب و رێکخراو و کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و هونەرییەکانی کوردستان، ئەوانەی لە پێناو مافەکانی گەلی کورددا تێدەکۆشن و باوەڕیان بە دیمۆکراسی و پلۆرالیزمی سیاسی و سیستمێکی سکۆلار هەیە، دەکا، بە خێرایی و بی دواکەوتن بۆ دارشتنی پلاتفۆڕمی هاوکاری و یەکخستنی هێز و تواناکانیان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، وەخۆکەون.

یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان وەك هێزێکی نەتەوەیی کوردستانی، هێوادار و دڵنیا بەسەرکەوتنی بزوتنەوەی رزگاریخوازیی گەلەکەمان و گەیشتن بە کوردستانێکی بەهرەمەند لە ئاشتی و ئازادی و یەکسانی، ساڵێکی دیکە لە خەبات و تێکۆشانی دەسپێدەکا. کۆمیتەی ناوەندیی داوا لە هەموو تێکۆشەرانی ریزەکانی RUK لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان دەکا، گوڕ و تینی زیاتر بە خەباتیان بدەن و بە وشیاریی پترەوە خۆ بۆ ئەگەر و شیمانەکانی داهاتوو ئامادەبکەن. داوا لە رۆڵەکانی گەلەکەمان دەکا، بە هاوکاریی و پشتگیریی لە RUK رێبازی نەتەوەیی و خەباتی رەسەنی کوردایەتی و بەرەی عەوالآنی راستگۆ و راستەقینەی ئازادیی کورد و کوردستان بەهێزتر بکەن.

شەکاوە بێ ئاڵای رزگاری و سەربەخۆیی کوردان

بەرقەرار بێ ئاشتی و ئازادی و یەکسانی و مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان

سەرکەوێ خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەی کورد

**کۆمیتەی ناوەندیی**

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

**٣٠ گوڵانی ٢٧٠٣ی کوردی**

**٢٠ مایسی ٢٠٠٣ زایینی**

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت